## لەم شەوەدا1992 ... ئاراس قەرەداغی

لەم شەوەدا
خەڵكی وەكو دارستانێک
خۆشیان لێ بووەتە(با ) یەک و
بەهەموو لایەكدا
سەمایان پێ دەكا
لەم شەوەدا
خەمەتاڵەكانم لێ بۆتە
سەگێكی برسی و
داوای گۆشتی لانەم دەكا
لەم شەوەدا
یادی خۆشەویستی تۆ
بۆتەدڵۆپێک خوێن و
خەریكەلەگەڵ ئازارەكانی
لەشم
بەرەو ئاسمان
ڕێگا بۆ خۆی نیشان ئەدا
لەم شەوەدا
بۆ بینینی چاوەكانت وێڵم و
ئازارەكانیشم لێ بۆتە
خۆرێک و
سێبەر بۆ یادگارە
تاڵەكانت دەكا..

arasamin@hotmail. com